# بەلایەنی کەمەوە سێ کەس گیانیان لەدەستدا بەهۆی ڕووداوی شەمەندەفەرەوە

بەلایەنی کەمەوە سێ کەس ڕۆژی یەکشەممە (10ـی ئەیلولی 2023) گیانیان لەدەستدا بەهۆی ئەوەی لەلایەن شەمەندەفەرێکەوە لە نزیک شاری بارسێلۆنا لێیاندا، لە کاتێکدا هەوڵیان دەدا لە هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر بپەڕنەوە. کۆمپانیای بەڕێوەبەری هێڵی شەمەندەفەری ڕایگەیاند، "ڕووداوەکە کاتژمێر 22:8ی ئێوارە بە کاتی ناوخۆ لە مۆنتمێلۆ نزیک شاری بارسێلۆنا ڕوویداوە، کاتێک حەوت کەس لە شوێنێکی بە قەدەغەدا تێپەڕین"، ئەمەش بووە هۆکاری گیان لەدەستدانی سێ کەس بەلایەنی کەم و ئەوانەی تر بە سەختی بریندار بوون.